رسم‌الخط عربی استفاده شود که البته به عقیده‌ی ما این طرز نوشتن درست نیست زیرا در نوشتن یک زبان فقط باید از یک نوع الفبا استفاده شود این غلط در نوشتن زبان کُردی با الفبای لاتین بیشتر محسوس است برای مثال کلمه عربی صلح با رسم‌الخط کُردی با الفبای عربی «سولّح» و با الفبای لاتین«sûĺh» نوشته می‌شود که چون الفبای لاتین و کُردی از لحاظ شکل کاملاً جدا هستند این تفاوت به خوبی آشکار بوده و لزوم نوشتن کلمات عربی با الفبای کُردی را به خوبی مشخص می‌سازد.

در مورد نوشتن تشدید در زبان کُردی چون در نوشتن زبان کُردی کاملاً از شیوه‌ی فونتیک استفاده می‌شود و کلمات چگونه تلفظ می‌شوند همانگونه هم نوشته می‌شود در بخش کردن کلمات مشدد تکرار حرف مشدد کاملاً محسوس است پس باید به جای نوشتن تشدید بر روی حرف آنرا دوبار نوشت مانند:

بزّاز ←—— به‌ززاز

عبدالله ←—— عه‌بدوصلاً

مصلح‌الدّین ←—— موسلیحوددین

در کُردی کلمات حروف مشدد کم داریم و می‌توان در نوشتن کلمات مشدد که کُردی هستند هم با تکرار حرف و هم بدون آن نوشت مانند: خللۆر یا خلۆر

در نوشتن کلمات بیگانه هر کلمه‌ای که از زبان بیگانه وارد کُردی شود باید تمام قواعد زبان کُردی «از لحاظ فونتیک ـ فونولوژی ـ مورفولوژی ـ سینتاکس» را بپذیرد. مثلاً کلمه‌ی «تەماتە» که تغییر یافته‌ی تومێیتۆی انگلیسی، «تەواو» که تغییر یافته‌ی «تمام» عربی و «ئاقڵ» که تغییر یافته‌ی عاقل عربی است، از نظر ساختاری تغییر پیدا کرده و به مرور در زبان کُردی تثبیت شده‌اند، همچنین اگر برای چیزی دو کلمه بیگانه و خودی باشد باید از کلمه‌ی خودی استفاده شود.

۱ـ در بعضی از لهجه‌های کُردی چنانچه حرف «ک» در جلو یکی از حروف «ی ـ ێ ـ وێ» قرار گیرد، تلفظی مابین «ک» و «چ» پیدا می‌کند که به آن «ک» کلۆر (اجوف) می‌گویند مانند:

کیسه ـ کیله ـ کێرد ـ کوێر ـ کوێستان

همچنین «گ» نیز اگر در جلو حروف «ی ـ ێ ـ وێ ـ وی» قرار گیرد، تلفظی میان «گ» و «ج» پیدا می‌کند مانند:

گیسک ـ گێشه ـ گێره ـ گوێنی ـ هەنگوین ـ نێنگوین.

خوێندنەوەی وانەی ٨

سەیدتاهیر هاشمی

شاعیر، لێکۆڵەر و خەتخۆشی بەناوبانگی کورد، بە گوێرەی نووسراوی خۆی لە کتێبی «هەوارگەی دڵان»دا لە ساڵی **١٣٣٢**ی کۆچی مانگی لە دێی دەوڵەتئاوا سەر بە ناوچەی ڕەوانسەری شارستانی پاوەی پارێزگای کرماشان لە دایک بووە. باوکی «سەید قەیدار» لە بنەماڵەی ساداتی سۆڵەیی بەرزنجی و دایکی «ئەختەر خانم» کچی فەتاحبەگی سەردار ئەکرەم لە بەگزادەکانی جافی جوانڕۆن.

لە دەوڵەتئاوا لە لای مەلا ڕەحیمی سنەیی و برای گەورەی خۆی سەید وەجیهەددین و مەلا فەیزوڵڵای دۆڵاویی خوێندوویەتی و لە تەمەنی شازدە ساڵیدا دەستی بە کوتنی شێعری فارسی و کوردی کردووە و بووەتە شاعیرێکی باش و لەگەڵ بەرنامەی کوردی ڕادیۆ کرماشانیش هاواکاری کردووە و بەرنامەیەکی بە ناوی هەوارگەی دڵان پێشکەش کردووە و وتارێکی زۆریشی سەبارەت بە شێعر و ئەدەب نووسیوە. بە تایبەت لە شیکردنەوەی شێعرەکانی مەولەوی تاوەگۆزی زۆر شارەزا بووە و لە ساغ کردنەوە و مانالێدانی شێعرەکانی مەولەوی یارمەتی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیسی داوە بۆ ئامادە کردنی دیوانی مەولەوی.

ئەو زاتە خەتخۆشێکی بە ناوبانگیش بووە و چەند کتێبێکی بە خەتی خۆشی خۆی نووسیوەتەوە کە یەک لەوان کتێبی: «دەلایلولخەیرات»ە

سەید تاهیری سەیدزادەی هاشمی لە ڕێکەوتی ١٣٧٠/٤/٢ ڕۆژی جێژنی قوربان لە شاری کرماشان کۆچی دوایی کردووە. و تەرمەکەی لە دەوڵەتئاوا نێژراوە.

بەشی دووهەمی خوێندنەوەی وانەی ٨

هاوارەبەرە

هاوارەبەرە ڕۆمانێکە بە شێوەی ڕیالیستی. کاک فەتاح«ی» ئەمیری نووسەری بۆکانی ئەو ڕۆمانەی نووسیوە. هاوارەبەرە ڕووداوێکی تایبەت بە بەشێک لە نیشتمانەکەمان دەگێڕێتەوە و پڕە لە وشەی جوان و ڕەسەنی لادێیەکانی موکریان. ئەو ڕۆمانە لە دوو بەرگدا چاپ کراوە و بەرگی دووهەمی لە لایەن نووسەرەوە «میرزا» ناو نراوە. زمانی ئەو ڕۆمانە زۆر شیرین و پاراوە و کاک فەتاح جگە لەوەی خوێنەران فێری زۆر وشە و زاراوەی تایبەتی گوندەکان دەکا، وشەگەلێکی زۆریش کە پێوەندییان لەگەڵ کەرەسە و ئامرازی کشت و کاڵ و ئاژەڵداری لە رابوردوودا بووە لە فەرامۆش بوون و نەمان رزگار دەکا.

لێرەدا بۆ نموونە چەند دێڕێک لەو کتێبە بە نرخە دەخەینە بەرچاوی خوێندکاران:

نیوەڕۆی ڕۆژێکی مانگی بانەمەڕە، مەڕ لە پاڵێن دایە، مەڕ پشتی گەرم داهاتووە، شوان خەریکی نان خواردنە، ریخە مەڕ وڵاتی داگرتووە،

جێ‌جێ عەرزی خاوێن بە دەرەوەیە گەرچی تینی تاو کزری کردووە، دیسان رۆیشتن بە نێو دێدا ئاسان نییە، مەڕ بە تەواوی تەڕەکی گرتووە، ریتکە بە بن پێلاوەوە نووساوە، بۆنی بەهار، تاوی بەهار، مردوو زیندوو دەکاتەوە، چۆلەکەیەک جیکەجیک دەکا، پۆلێک مێشە سەگانە قەلْسە لە سەگێکی کولْکن دەگێڕن، ناهێلْن چاوێک گەرم کا... یارە جل و جۆڕی تێک ناوە بەرەو سەحرا بێ، هاوێری کردووە، نانی خواردووە، مەحتەلی ئەوەیە، مەڕ هەستێ پاشان وەڕێ‌کەوێ. بەرخ بۆر بوون. مەچەک ئەستوور، رەنگی بەرگنەکەیان گۆڕاوە. تاو رەنگی گۆڕیوە. رەنگی ساوایی نین. لەوەڕ زووری کردوون، هێندێک چلْمن بوون، بەعزێک ریخن. ئەوانی ساوازێ هەروا ژیکەلْەن. سەحەت سووک، خاوێن، نەرم و نۆلْ، سەرپشتیان لەبەر خاوێنی شەبەق دەدا. بەرگنی نەرم و لوولوو، سمی وردی زەرد، خەپالْ، قشمیلانە.

تمرینات درس ۸

۱ـ کلمات بیگانه در زبان کُردی چگونه نوشـته مـی‌شـوند و آیـا ایـن مختص زبان کُردی است؟

۲ـ کلمات زیر را با رسم‌الخط صحیح کُردی بنویسید.
عبدالمطّلب ـ صلاح‌الدّین ـ توحفةالمُریدَین ـ عبدالرّزاق

۳ـ حروفی که دارای تشدید می‌باشند در کُردی به چه صورت نوشـته می‌شوند؟ ۵ مثال بنویسید.

۴ـ «ک» کلۆر را توضیح داده و برای آن ۳ مثال بیاورید.

۵ـ «گ» کلۆر را شرح داده و برای آن ۳ مثال بنویسید.

خودآزمایی «۱»

۱ـ در این جمله بر روی حروفی که لازم است علامت «ˇ» بگذارید.

کوریکی ئازا له چومی مەلەی دەکرد و کالەکی دەخوارد.

۲ـ در این عبارت چند حرف صدادار وجود دارد.

حوسێن عارف یەکێک له نووسەرانی گەورەی کوردە.

الف) ۱٤ ☐ ب) ۱۵ ☐ ج) ۱۳ ☐ د ۱۱☐

۳ـ در کدامیک از کلمات زیر بزرۆکه وجود دارد.

قرژاڵ ☐ کاوه ☐ چارەسەری ☐ شۆرباو ☐ شووتی ☐

٤ـ چرا حرف «ر» در کلمه رۆژان درشت است؟

۵ـ در کدامیک از کلمات زیر مصوت مرکب وجود دارد.

الف: خوێن☐ ب: سوور☐ ج: گوێزان☐ د: دۆڵمه☐

٦ـ حرف «و» در کلمەی «کەو» بی‌صدا است یا باصدا.

۷ـ حرف «ی» در کلمه شیوەن بی‌صدا است یا باصدا.

٨ ـ حرف «و» در کلمه گوڵ بی‌صدا است یا باصدا.

٩ـ حرف «و» در کلمه بانه و مەریوان بی‌صدا است یا باصدا.

١٠ـ حرف «و» در کلمەی بارام و پیرۆت بی‌صدا است یا باصدا.

١١ـ در کلمەی «چووه» باید چند «و» وجود داشته باشد و چرا فقط با دو «و» نوشته می‌شود.

١٢ـ در کلمەی چۆڵ و هۆڵ حروف صدادار کدامند، بنویسید.

١٣ـ در شعر پائین تعداد حروف صامت چندتا است.

ج ماڵی ئێوه که له لووتکەی کێوه   جێی جن و دێوه بەڵای زۆر پێوه

الف) ١٢ □ ب) ١٣ □ ج) ١١ □ د ٨ □

١٤ـ صدای «ڤ» به کدام حرف بیشتر نزدیکتر است.

ڕێنووسی وانەی ۹

جدانویسی و سرهم نویسی کلمات

مبحث جدانویسی و سرهم نویسی کلمات مبحثی است که هم در زبان فارسی و هم در زبان کُردی در میان زبان‌شناسان و ادبا اختلاف رأی بسیار است. به خصوص در زبان فارسی این مقوله بسیار مفصل بحث شده و در کتب درسی هم به طور کلی تثبیت نشده و هنوز هم گاهگاهی تغییراتی در کتاب‌های دبیرستانی و دانشگاهی بر این اساس می‌دهند. در رسم‌الخط کُردی دو نظریه متفاوت از هم وجود دارد و برای درک بهتر این موضوع لازم است به شرح انواع کلمه بپردازیم:

۱ـ کلمه ساده : کلمه‌ای است که از یک جزء تشکیل شده باشد و ممکن است مستقل باشد یعنی خود به تنهایی و بدون کمک کلمه‌ی دیگر دارای معنی کامل و مختص به خود باشد. معنی کامل از این نظر که به کمک کلمه‌ی دیگر برای داشتن معنی محتاج نباشد و مختص به خود یعنی اینکه این معنی فقط مخصوص خودش باشد مثلاً درخت که کلمه ساده‌ی مستقلی است و در موقع شنیدن این کلمه جسمی را که دارای ریشه و ساقه‌ی نسبتاً ضخیم و شاخه و برگ است به نظر می‌آوریم که این صفات مختص به این جسم است.

کلمه مستقل نظیر:

وێنجه ـ دار ـ سپی ـ سینەما ـ چوار ـ خەوتن ـ ئەو ـ زۆر.

چنانچه دقت کنیم یکی از اقسام کلمه هستند.

وێنجه و دار = اسم

سپی = صفت

ئەو = ضمیر

سینەما = اسم

زۆر = قید

چوار = عدد

خەوتن = مصدر

۲ـ کلمەی ناقص : به کلماتی گفته می‌شوند که به تنهایی دارای معنی نیستند و با کمک کلمات دیگر در جمله ادا می‌شوند مانندِ :

ادوات الحاقی ـ حروف اضافه ـ حروف عطف ـ ندا ـ نشانه.

۳ـ کلمه مرکب : کلمه‌ای است که از دو کلمەی مستقل ساده یا یک کلمه مستقل ساده و یک کلمه ناقص تشکیل شده باشد که در حالت اول در کُردی به آن وشەی لێکدراو و در حالت دوم به آن وشەی داڕژاو می‌گویند.

مثال برای کلمه مرکب که از یک کلمه ناقص و یک کلمه مستقل درست شده باشد «داڕژاو» : بێدەنگ ــ باشتر.

حال که با کلمات مستقل، ناقص و مرکب آشنا شدیم به شرح نظر خودمان درباره‌ی جدانویسی و سرهم نویسی می‌پردازیم :

هر واژه‌ای که معنی مستقلی دارد باید به صورت جداگانه نوشته شود و واژه‌ای که دارای معنی ناقص است و با اضافه شدن با واژه‌ی دیگر صاحب معنی می‌شود و یا با پیوستن به واژه‌ی مستقلی معنی دیگری به غیر از معنی واژه‌ی مستقل که به آن اضافه شده، به وجود می‌آورد، باید به صورت سرهم نوشته شود. لازم است در مورد سرهم‌نویسی و جدانویسی کلمات موارد زیر رعایت کنیم :

۱ـ افعال ساده در جمله به صورت جداگانه نوشته می‌شوند مانند :

پیرۆت له بارامی دا

نیشتمان رۆیشت

رزگار کاری کرد

۲ـ کلمات مرکبی که از دو جزء معنی‌دار مستقل به وجود آمده‌اند و پس از ترکیب معنی تازه‌ای به وجود می‌آورند، باید سرهم نوشته شوند.

رێ + پێوان = رێپێوان

گوێ + گرتن = گوێگرتن

۳ـ پیشوند (پێشگر) و میانوند (نێوانگر) و پسوند (پاشگر) به کلمه می‌چسبند.

مانند : بێکەس ـ لێدوان ـ چاوپێکەوتن ـ کارتێکردن ـ لەوێدا ـ مسگەر.

٤ـ صفت تفضیلی (ئاوەڵناوی سەری) بە اسم پیش از خود می‌چسبد مانند : چاکتر ـ خۆشتر ـ قووڵتر ـ ترسەنۆکتر.

چنانچه «تر» به معنی دیگر باشد باید جدا نوشته شود مانند :

کارێکی تر ـ بەرخێکی تر ـ ماڵێکی تر ـ جارێکی تر.

٥ـ حرف عطف «و» که کلمات یا عبارات و جملات را به هم مربوط می‌کند، به کلمه پیش از خود نمی‌چسبد.

مانند : بانه و مەریوان خۆشن ـ ڕێبین و ئاسۆس بران.

ولی اگر حرف عطف «و» باعث به وجود آمدن معنای تازه‌ای در کلمه‌ی مرکبی که با کمک حرف عطف «و» به وجود آمده است، شود «و» به کلمه ماقبل خود می‌چسبد.

مانند : خرینگوهۆڕ ـ زرموکوت ـ نەرمونۆڵ .

٦ـ «ی» اضافه باید به کلمه پیش از خود بچسبد.

مانند : بۆکانی ـ عیرفانی ـ خواردەمەنی

خوێندنەوەی وانەی ۹

هێدی

ئەو شاعیرە ناوی خالید کوڕی حاجی حەمەدئاغا، کوڕی حاجی عەولاغا و لە عەشیرەتی دێبوکرییە و لە ساڵی ١٣٠٦ی هەتاوی لە دێی شێخاڵی سەر بە شاری مەهاباد لە دایک بووە و لە گوندی شێخاڵی و شاری مەهاباد خوێندوویەتی و شارەزاییەکی تەواوی لە ئەدەبی فارسی و کوردی پەیدا کردووە و هەر لە سەرەتای لاوییەوە شێعری کوتووە. هێدی لە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی پەڕیوەی کوردستانی عێراق بووە و لە ریزەکانی شۆڕشی کوردستانی ئەودیودا دەستی بە خەبات کردووە و ماوەیەکی زۆر لە ئێزگەی شۆڕش و کاروباری رووناکبیری کاری کردووە و پاش تێکچوونی شۆڕش گەڕاوەتەوە ئێران و لە عەزیمییەی کەرەج نیشتەجێ بووە و پاشان لەسەر داخوازی کاک مەسعوود بارزانی چووە بۆ کوردستانی عێراق. ئێستا لە شاری هەولێر دەبێ و ئەندامی کۆڕی زانیاری کوردە و لە لایەن سەرۆکی حکوومەتی هەرێم پلەی هاوتای وەزیری پێدراوە.

هێدی شاعیرێکی بە هەست و ناسک خەیاڵە و لە بواری شێعری جوانی و عاشقانە بێوێنەیە و شێعری نیشتمانیشی زۆر کوتووە. بەرهەمی چاپکراوی ئەو شاعیرە مەزنە سێ کتێبی: کاروانی خەیاڵ (شێعر) ئاوێنەشکاو (بیرەوەری) و وەرگێڕانی کتێبی کورد و کوردستانی واسیلی نیکیتین لە فارسی بۆ کوردییە. هیوادارین ئەو شاعیرە تەمەنێکی زۆری تر بژی و هەروەها خزمەت بە کولتوور و ئەدەبی نەتەوەکەی بکا.

بەشی دووهەمی خوێندنەوەی وانەی ٩

رەشید فندی

لێکۆڵەر و ئەدیبی کورد «رەشید فندی» لە ساڵی ١٩٤٨ لە شاری دهۆک لە دایکبووە و خوێندنی خۆی لە شارەکانی : دهۆک، هەولێر و سلێمانی و مووسڵ تەواو کردووە و لە ساڵی ١٩٧١ بووەتە ئەندامی یەکیەتی نووسەرانی کورد و هەر ئێستا ئەندامی کۆڕی زانیاری کوردە. ئەو مامۆستایە لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی هەوڵێکی زۆری داوە و تا بە ئێستا ئەم کتێبانەی بە چاپ گەیاندووە:

١. چەند تیرۆژێک لە سەر رۆژنامەگەریی کوردی.

٢. عەلی تەرماخی یەکەمین رێزماننووسی کورد.

٣. ئەلهوو بلند فڕێت «هەڵۆ بەرز دەفڕێ» کە لێکۆڵینەوەیەکە لە سەر شێعرە نەتەوایەتییەکانی مامۆستا هەژار.

٤. کتێبێک لە سەر شێعری کلاسیکی کوردی.

٥. کتێبێک بە زمانی عەرەبی لەبارەی خانیدا.

تمرینات درس ۹

۱ـ مشخص کنید در میان واژه‌های زیر کدام یک مستقل و کدام یک ناقص است.

ترێ ـ شەو ـ بە ـ ندە ـ هەژار ـ بێ ـ هەڵ ـ کار ـ ان
میوان ـ پیاو ـ کچ ـ دا ـ تر ـ چاو ـ ئازا ـ گەر ـ چوار
واژەی مستقل: شەو
واژەی ناقص: بێ

۲ـ در کلمات مرکب زیر واژه‌های مستقل و ناقص را مانند نمونه از یکدیگر جدا کنید:

ئاورە سوورە: ئاور + ە + سوور + ە
لێدان
کرێکار
خوێندەوار
بێکار
ئاسنگەر
ئاشەوان
کرچوکاڵ
زۆردار
بریندار
خەو لێکەوتن
جوانتر
چاوپێکەوتن

٣ـ عباراتی را کە از نظر سرهم و جدانویسی نادرست هستند بە صورت درست بنویسید.

ـ حەسەنو کەریم پێ کەوە بران.

ـ شنۆ خۆش‌ترین و کۆن‌ترین شاری ئازەربایجانی رۆژاوایە.

ـ بارام دوێنێ بە وێ دا رۆیی.

ـ کاوە زۆری لە براکەیدا.

ـ خەم سەری لێ‌دام و یارم قەت سەرێکی لێ نەدام.

ـ عیل لەتی دەردو دەواکەم وا بە لێوی شەککەرە

ـ لێ‌دوان ووت وێژێکی زۆرمان لەو بارە دا ئەنجامدا.

ـ لەگەڵم زۆر گەرم و گوڕ بوو.

ـ لەو بارەیەوە شتێکیتر نازانم باش تر وایە لە ئازاد بپرسی.

ڕێنووسی وانەی ١٠

سجاوندی «نشانەگذاری»

مقصود از «نقطه‌گذاری» یا «سجاوندی»، به کار بردن علامت‌ها و نشانه‌هایی است، که خواندن و فهم درست مطالب را آسان می‌کند و در رفع بعضی ابهامات کمک می‌نماید.

١ـ خاڵ = نقطه (.)

نقطه در موارد زیر به کار برده می‌شود:

الف ـ در پایان جمله‌های کامل خبری یا انشایی، مانند:

ـ حسن، یکی از شاگردان خوب کلاس است.

ـ حەسەن، یەکێک لە قوتابییە باشەکانی پۆلە.

مبادا که ماشین تو را زیر بگیرد.

نەوەک ماشێن وەبەرت دا.

ب ـ پس از هر حرفی که به صورت نشانه اختصاری به کار رفته مانند:

ک. د. (کریم دافعی)

سال ۴۵۸ ق.م. (قبل از میلاد مسیح)

ساڵی ٤٥٨ پ. ز (پێش زایین)

یادآوری: هرگاه دو جمله کامل با «و» به یکدیگر عطف شوند، نقطه در پایان جمله دوم گذاشته می‌شود، مانند:

از دوستم آزرده خاطر بودم و به همین جهت به خانه او نرفتم.

لە هاواڵەکەم تۆرابووم و بۆیە نەچوومە ماڵیان.

۲ـ کۆما = ویرگول (،)

ویرگول نشانەی توقف یا درنگ کوتاهی است که در موارد زیر به کار می‌رود:

الف ـ میان عبارت‌ها یا جمله‌های غیرمستقلی که در مجموع یک جمله‌ی کامل را تشکیل می‌دهند، مانند:

ـ پس از چند سال تنهایی، یک هفته پیش، با دختری ازدواج کرد.

ـ پاش چەن ساڵ تەنیایی، حەوتوویەک لەوە پێش، کچێکی مارە کرد.

ـ زمستان امسال، با برف و سرما فرا رسید.

ـ زستانی ئەوساڵ، بە بەفر و سەرماوە هات.

ـ آن جا که آب هست، آبادی هست.

ـ هەر جێیەک ئاوی بێ، ئاوەدانیشی دەبێ.

ـ هرکس ورزش کند، تندرست می‌شود.

ـ هەر کەس وەرزیش بکا، تەندروست دەبێ.

ـ روزه بگیرید، تا تندرست شوید.

ـ بەڕۆژوو بن، هەتا تەندروست بن.

ب ـ آن جا که کلمه یا عبارتی به عنوان توضیح در ضمن جمله یا عبارتی دیگر آورده شود، مانند:

ـ دیروز، روز عید فطر، به سنندج آمدم.

ـ دوێنێ، ڕۆژی جێژنی رەمەزان، هاتمە سنە.

ـ محوی، شاعر بلند آوازه، اشعار زیادی گفته است.

ـ مەحوی، شاعیری بەناوبانگ، شێعری زۆر کوتووه.

ج ـ آنجا که در مورد چند کلمه اسناد واحدی داده می‌شود، مانند:

حسن، احمد و کریم برادرند.

حەسەن، ئەحمەد و کریم بران.

ـ سعدی، حافظ و خواجو از شاعران بلند پایه هستند.

ـ سەعدی، حافز و خواجوو لە شاعیرە بەرزەکانن.

د ـ برای جدا کردن اجزای مختلف نشانی اشخاص یا مرجع و مأخذ.

ـ آقای علی رحیمی، دانشکده‌ی ادبیات، سال سوم.

ـ ئاغای عەلی رەحیمی، زانکۆی ئەدەب، ساڵی سێهەم.

ـ سنندج، خیابان شهدا، پاساژ عزتی، انتشارات کردستان.

ـ سنە، شەقامی شوهەدا، پاساژی عیزەتی، ئینتیشاراتی کوردستان.

ـ دیوان نالی، تصحیح ملا عبدالکریم مدرس، انتشارات کردستان، سنندج، ۱۳۸۳.

ـ دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەی و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس، ئینتیشاراتی کوردستان، سنە، **۱۳۸۳**.

۳ـ کۆمای خاڵدار = نقطه ویرگول (؛)

نقطه ویرگول، علامت وقف یا درنگی بیشتر از ویرگول و کمتر از نقطه است که در موارد زیر به کار می‌رود:

الف ـ برای جدا کردن عبارت‌های مختلف یک جمله طولانی که ظاهراً مستقل و لکن در معنی با یکدیگر مربوط می‌باشند، مانند:

ـ مشک آن است که خود ببوید؛ نه آن که عطار بگوید.

ـ میسک ئەوەیە بۆخۆی بۆنخۆش بێ، نەک عەتار پێی هەڵبڵێ.

ـ دوست واقعی آن است که یار شاطر باشد؛ به بار خاطر.

ـ دۆست ئەوەیە بتگرێنێ؛ دوژمن ئەوەیە پێت‌پێبکەنێ.

ب ـ در جمله‌های توضیحی مانند:

ـ قاصدی نزد او فرستاد؛ قاصدی عاقل و نکته‌دان.

ـ قاسیدێکی ناردە لای؛ قاسیدێکی ژیر و قسەزان.

٤ـ دوو خاڵ = **دو نقطه** (:)

موارد استفاده از این علامت به شرح زیر است:

الف ـ وقتی می‌خواهند سخن کسی را نقل کنند، مانند:

احمد از بازار آمد و گفت: انگور خوبی خریده‌ام.

ئەحمەد لە بازاڕەوە هات و کوتی : ترێیەکی باشم کڕیوە.

ب ـ وقتی می‌خواهند چیزی را شرح دهند، مانند:

ما در مدرسه این درس‌ها را می‌خوانیم: تاریخ، فارسی، حساب ...

ئێمە لە قوتابخانە ئەو وانانە دەخوێنین : مێژوو، فارسی، حیساب ...

ج ـ هنگام معنی کردن لغات، مانند:

ذکاوت: زیرکی

زەکاوەت: زیرەکی

۵ـ جووت کەوان = علامت نقل‌قول یا گیومه (« »)

این علامت در موارد زیر به کار می‌رود:

الف. موقعی به کار می‌رود که بخواهیم عین سخن یا نوشته کسی دیگر را بیاوریم، مانند:

معلمم می‌گفت : «درس‌هایت را خوب بخوان.»

مامۆستام کوتی : «وانەکانت باش بخوێنە.»

ب. اگر بخواهیم توجه خواننده را به کلمه‌ای معطوف کنیم، آن کلمه را داخل گیومه می‌گذاریم، مثلاً کلماتی را که اسم مکان، شخص، کتاب و ... هستند، معمولاً در میان گیومه قرار می‌دهیم:

«هەنبانە بورینە» بیشتر از سی هزار لغت را در خود جای داده است.

«هەنبانە بۆرینە» پتر لە سی هەزار وشەی لە خۆ گرتوە.

«عبدالرحمن شرفکندی مشهور به هەژار» یکی از بزرگترین شخصییت های کُرد است.

«عەبدولرحمانی شەرەفکەندی بە ناو بانگ بە هەژار یەکێکە لە کەسایەتییە ناودارەکانی کورد».

۶ـ کەوان = پرانتز « ( ) »

وقتی می‌خواهیم مطلبی را در جمله توضیح دهیم که نخواندن آن تأثیری در متن جمله ایجاد نمی‌کند، آن را داخل پرانتز می‌گذاریم، مانند:

ـ شریعت اسلام (نوشتەی ملا عبدالکریم مدرس) در مورد مسایل فقهی مذهب امام شافعی است.

ـ شەریعەتی ئیسلام (نووسینی مەلا عەبدولکەریمی مودەرڕیس) لە بارەی فیقهی مەزهەبی ئیمامی شافعییە.

٧ـ نیشانەی پرسیار = علامت سؤال (؟)

وقتی جمله صورت پرسشی (سؤال) داشته باشد، علامت پرسش (؟) به کار می‌بریم، مانند :

ـ شما در کدام مدرسه تحصیل می‌کنید؟

ـ ئێوە لە کام قوتابخانە دەخوێنن؟

ـ من در مدرسه ایمان تحصیل می‌کنم.

ـ من لە قوتابخانەی ئیمان دەخوێنم.

ـ در کدام کلاس؟

ـ لە کام پۆل؟

ـ کلاس چهارم.

ـ پۆلی چوارەم.

٨ـ نیشانەی سەرسوڕمان = علامت تعجب (!)

این علامت نشانه تعجب است و برای حالات عاطفی، ندا، و تأکید و تحسین نیز به کار می‌رود، مانند:

- عجب باغ دلگشایی است!
- چ باغێکی خۆشه!
- کتاب بسیار زیبایی است!
- کتێبێکی زۆر جوانه!

۹ـ کۆمه‌ڵه خاڵ = **نقاط تعلیق** «...»

وقتی سخن به مناسبتی قطع شود یا ناقص بماند، برای نشان دادن بریدگی کلام باید نقاط تعلیق «...» به کار برد؛ چه در اول و چه در آخر عبارت باشد، مانند:

- او دارای صفات حسنه‌ای نظیر شجاعت، سخاوت و... می باشد.
- ئه‌و خوو و خده‌ی باشی وه‌ک : ئازایه‌تی، سه‌خاوه‌ت و ... هه‌یه.
- ... و حالا تصمیم گرفته‌ام که به کسی ارفاق نکنم، همین یک بار کافی است که ...
- ... ئیدی بڕیارم داوه چاوپۆشی له که‌سم، هه‌ر ئه‌و یه‌کجاره به‌سه که ...

خوێندنەوەی وانەی ١٠

ناڵەی جودایی

کتێبی ناڵەی جودایی یەکێک لە دوو کتێبە شێعرەکەی سەید محەممەدئەمین«ی» شێخولئیسلامی ناسراو بە مامۆستا هێمن«ە» کە لە چەند پارچە شێعری مەسنەوی و غەزەل و دووبەیتی پێکهاتووە. بەرزترین شێعری ئەم دیوانە مەسنەوی ناڵەی جوداییە. شاعیر لەم شێعرەدا دەرد و ژانی دووری و جودایی لە زێد و مەڵبەند و خێزان و هاوالانی بە شێوەیەکی بە سۆز دەربڕیوە. لێرەدا بەشێک لەم شێعرە بەرزە بۆ وێنە دێنینەوە :

کوردەواری ئەی وڵاتە جوانەکەم
ڕۆڵەکەم، باوانەکەم، خێزانەکەم
ئەی ئەوانەی قەت لەبیرم ناچنەوە
ئێستە بمبینن، ئەرێ دەمناسنەوە
ڕۆژگار هاریمی وەک ئەسپۆنی ورد
تاو و تینی لێبڕیوم دەردە کورد
دەردی دووری دەردی دووری کوشتمی
دەردی وشیاری و سەبووری کوشتمی
دەردی یاران و وڵاتی خۆشەویست
لێی‌بڕیوم سەبر و هۆش و تاو و بڕست

نالّــه نالّــم تێکــەلّــی مــەی کــردووە
شــیوەنــێکم پێیــە نــەی نــەیکــردووە
نالّـــە نالّـــی مـــن درەنگـــە زوو نییـــە
پارچـــە گۆشـــتێکە دلّـــی مـــن روو نییـــە
نالّـــە نالّـــی مـــن رەوایـــە زۆر رەوا
چـــونکی قـــانوونی تـــەبیعـــەت وایـــە وا
هـــر کـــسی کـــو دور مانـــد از الّـــل خـــویش
بـــاز جویـــد روزگـــار ولّـــل خـــویش

تمرينات درس ١٠

متون و جملات زير را نشانه‌گذاری کنيد.

سپینوزا □ فیلسووفێکی فەڕانسەیی دەڵێ □ ئێمە ئەگەر بمانەوێ مەسەلەی شەڕ چارەسەر بکەین □ زۆر هاسان گۆشەنیگامان دەگۆڕێ □ تێڕوانینەکانمان جیاواز دەبێت و لەوانەیە ئەو شەڕەی کە ماهیەتەکەیمان بە شەڕ لە قەڵەم دەدا □ بە چاکە وەرسووڕێ □ هەڵبەت ئەوە لە مێژوودا زۆر جار کەڵکی خراپی لێوەرگیراوە.

«عەبدولخالقی یەعقووبی : سروەی ژمارە ٢٣٥»

بارام بە پیرۆتی کوت □ هاواڵی باش ئەوەیە بارت لێ‌سووک کا □ نەک بارت لێ‌قورس کا □

مامۆستا سەبک و شێوازی ڕۆمان‌نووسین لای ئێوە چییە □ من هەر لە سەرەتاوە باوەڕم وابووە □ کە سەروەری بۆ ڕۆمانی ڕیالیزمە □ کە ئەویش بێگومان زۆر شێوەی هەیە

وتووێژێک لەگەڵ چیرۆکنووس حوسێن عارف مستەفا ئێلخانی‌زادە

گۆڤاری سروە ژمارە ٢١٦، بانەمەڕی ١٣٨٣

ئازاد تاریفی کاوەی دەکرد و دەیکوت □ چەن پیاوێکی میهرەبانە □ هەموو کەس خۆشی دەوێ□

نالی □ ئەو وەحشی غەزالە کەس وەبەر داوی نەکەوت□

چونکە شاهێنی دووچاوی تیژە □ دایم سەر ئەکا □

ڕێنووسی وانەی ۱۱

نکاتی را که باید در نوشتن یک متن رعایت کنیم :

۱ـ آن را با رسم‌الخط (ڕێنووس) درست بنویسیم.

۲ـ نکات دستوری را رعایت کنیم.

۳ـ از نشانه‌های نگارشی استفاده کنیم.

٤ـ بهتر است جملات کوتاه باشند و تا می‌توانیم از به کار بردن جملات طولانی خودداری کنیم.

٥ـ از نوشتن کلمات نامأنوس و مجعول خودداری کنیم.

٦ـ تا می‌توانیم از کلمات سره (پەتی) کُردی استفاده کنیم.

۷ـ به طور خلاصه در نگارش و نوشتن انشا و مقالات، این سه اصل مهم را رعایت کنیم:

الف : کوتاه، مختصر و مفید باشد.

ب : مقصود را به روشنی بیان نماید.

ج : ملال‌آور و خسته‌کننده نباشد.

خوێندنەوەی وانەی ١١

سێ کەس لە شاعیرانی ئیلام و کرماشان و گۆران (ئەهلی حەق)

غولامڕەزاخان«ی» ئەرکەوازی

غولامڕەزاخان خەڵکی ئەرکەوازی سەر بە ئیلامی پشتکۆیە لە دەورەی فەتحعەلیشا«ی» قاجاردا ژیاوە و راوێژکاری حەسەن‌خان«ی» والی پشتکۆ بووە. ئەم گەورەپیاوە لە ئەدەبی عەرەبی و فارسی و کوردی شارەزاییەکی تەواوی بووە و بەم زمانانە شێعری کوتووە. موناجات«پاڕانەوە»کەی ئەرکەوازی زۆر بە ناوبانگە و بە یەکێک لە موناجاتە هەرە باشەکانی کوردی دەژمێردرێ. کۆچی دوایی ئەم گەورە پیاوە بە دروستی نەزانراوە.

شامی کرماشانی

شامورادی موشتاق ناسراو بە «شامی کرماشانی» یەکێک لە شاعیرە باش و بەناوبانگەکانی ناوچەی کرماشانە. ئەو شاعیرە لە دەوروبەری ساڵی ١٣٠٠ کۆچی هەتاوی لە گەڕەکی چەنانی شاری کرماشان لە دایک بووە. ئەو شاعیرە لە تەمەنی سێ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی ئاوڵە«خور وێرکە» کوێر بووە و پاش ماوەیەکی کەم لەو رووداوە دایکیشی کۆچی دوایی دەکا و لە خۆشەویستی و لاواندنەوەی دایک

بێبەش دەبێ و لە دوازدەساڵیدا باوکیشی دەمرێ و تووشی ژیانێکی پڕ لە تاڵی و کوێرەوەری دەبێ. ماوەیەک لە ماڵی مامۆژنی و ماوەیەک لە ماڵی حاجی ئەمانوڵڵاخان«ی» موعتەزیدی دەبێ و هۆگری بە شێعری «مەلا ئەڵماس‌خان» و «غولامڕەزا پوور» و «سەید سەلاح» پەیدا دەکا و وردە وردە دەس بە شێعر کوتن دەکا. هەر لەو سەردەمانەدا، لە ماڵی ئەمانوڵڵاخان دێتە دەرێ و بۆخۆی خەریکی کاروکاسبی دەبێ. هێندێک لە شێعرەکانی شامی کۆکرانەوە و بە ناوی «چەپکە گوڵ» لە لایەن بڵاوکەرەوەی سرووش لە ساڵی **١٣٦٢** لە چاپ دراون و مامۆستا هەژار پێشەکییەکی جوان و بە نرخی بۆ ئەم دیوانە نووسیوە.

شامی گەرچی کۆچی دوایی کردووە بەڵام هەمیشە لە ناو دڵی گەلەکەی دایە شێعرە درێژەکەی «کرانشینی» ویردی زمانی هەموو هەژاران و لایەنگرانی نەداران و ستەملێکراوانە.

سەید یەعقووب ماهیدەشتی «سەی یاقۆ»

ئەو شاعیرە، کە لە هۆزی گۆران و پەیڕەوی ئاینی «ئەهلی حەق»ە کە «یارسان» و «کاکەیی»شی پێدەکوترێ. مامۆستا عەلائەددین سەججادی لە کتێبی «مێژووی ئەدەبی کورد»دا ڕێکەوتی لە دایکبوونی **١٢٢٨** کۆچی مانگی و ساڵی وەفاتیشی **١٣٠١** کۆچی مانگی نووسیوە. لە دێی قەمشە لە دایکبووە و گڵکۆی هەر لەو دێیەیە. شێعرەکانی سەید بە شێوازی غەزەل و مەسنەوی و چوارخشتەکی و زۆر ڕەوان و جوان و پڕ مانان و بە زاراوەی گۆرانی و کەڵوڕی و سۆرانین. ئەو لە چەند

غەزەلدا پێشوازی«ئیستیقبال»ی لە شێعری نالی کردووە. سەی یاقۆ بە زمانی عەرەبی و فارسیش شێعری کوتووە. لێرەدا غەزەلێک لە غەزەلە جوانەکانی سەید دێنین :

عەزیزان ماه روخساری ژ قەوسێ ئەبروان تیری
وە جەرگم ئاشنا کەردەن نەدارەم هیچ تەقسیری
وەناخون سینە شوم کەردم وەشانم توخمێ مێهری ئەو
وەداس ئەبروان درویم جگەر کردم وەقەلبیری
سێ ساڵە پاسبانی کەم ژ دەورێ خەرمەنێ حوسنت
ژ سەد مەن خەرمەنێ گۆنا جەوی نادەی لە وەرزیری
ژ عەقڵ و عیشق حەیرانم نەزانم قەول کامین کەم
نە عیشقم پێم ئەدا موهڵەت نە عەقڵم کات تەدبیری
سەگی پاسی سەرایی سەرداران ئەدەن نانەش
من عومری پاسەبانیم کرد چلۆنە تۆ کە دڵگیری
روخی زیبای شیرین بی وەخوونێ کوەکەن باعیس
وەها سەییاد تەڕ دەس بی «سەید» بەرچی وەنەخچیری

خوێندنەوەی وانەی ١٢

چەند قسەیەک لەگەڵ خوێنەری ئەو کتێبە

فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی زمانی زگماکی مافی هەموو کەسێکە. بۆیە فێربوونی زمانی کوردی بۆ هەموو کوردێک پێویستە. ئێستا، کە ئێوە خوێندن و نووسینی زمانی کوردی بە باشی و بە شێوەیەکی زانستی فێربوون، ئەرکی سەرشانی هەمووتانە بۆ پەرپێدانی زمانەکەتان، تێبکۆشن و هەر بەوە رازی نەبن ئێوە فێری خوێندن و نووسینەوەی کوردی بوون. بۆ ئەوەی باشتر شارەزای زمانەکەتان بن و ئەوەی فێری بوون لەبیرتان نەچێتەوە، پێویستە کتێبی بە کەلکی کوردی بخوێننەوە و تا دەتوانن بۆ هاوالان و خزمانتان بە زمانی کوردی نامە بگۆڕنەوە و بۆ گۆڤار و رۆژنامە کوردییەکان وتار بنووسن و شت لە زمانەکانی دیکەڕا بۆ کوردی وەرگێڕن.

وەرگێڕان سوودی بۆ زمانەکەی خۆتان و زمانە بیانییەکە هەیە. هەروەها هەوڵ بدەن لە خولەکانی سەرتری فێرکاریی کوردی بەشداری بکەن و ئەو شتانەی فێری بوون، فێری هاوالان و خزمانی بکەن و بەو کارە بە شێوەیەکی هەراو خزمەت بە پەرەپێدانی زمانی کوردی دەکەن. تەنیا بە هەوڵ و تێکۆشانی هەموو لایەنە و دڵسۆزانە دەتوانین لە ماوەیەکی کەمدا، دواکەوتنمان لەو بوارەدا قەرەبوو بکەینەوە.

دەبێ ئەوەش بزانین فێربوونی خوێندن و نووسین و ئەدەبی زمانی زگماکی بۆ فێربوونی زمانەکانی دیکەش سوودی هەیە و هەرکەس ڕێنووس و ڕێزمانی زمانی زگماکی خۆی بە باشی بزانێ دەتوانێ باشتر فێری ڕێنووس و ڕێزمان و ئەدەبی زمانەکانی دیکەش ببێ. بە تایبەت لەبەر ئەوەی زمانی کوردی و فارسی دوو زمانی هاوڕیشە و لێک نزیکن فێر بوون و زانینی هەریەک لەو دوو زمانە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر فێربوونی زمانەکەی دیکە هەیە.

خزمەتکاری زمان و ئەدەبی کوردی

مستەفا ئیلخانیزادە

خودآزمایی «۲»

۱ـ آیا همزه یک حرف صامت است؟ بلی☐ خیر☐

۲ـ آیا حرف «ی» در کلمه‌ی پەنیر صامت است؟ بلی☐ خیر☐

۳ـ آیا حرف «ی» در کلمه‌ی «کەی» مصوت است؟ بلی☐ خیر☐

٤ـ آیا حرف «و» در کلمه‌ی «کوذ» صامت است؟ بلی☐ خیر☐

٥ـ حرف «ک» در کدام یک از کلمه‌های زیر کلۆر (اجوف) است؟

کاڵەک☐ کیلە☐ کاوڕ☐ کارگە☐

٦ـ حرف «گ» در کدام یک از کلمه‌های زیر پر است؟

گاڕان☐ گیسک☐ گیشە☐ گوێز☐

۷ـ تعداد حروف صامت در کلمه‌ی «شارویران» کدام گزینه است؟

٥ ☐ ۳ ☐ ٤ ☐ ٦ ☐

۸ـ آیا حرف «ل» در کلمه‌ی «گوڵان» درشت «قەڵەو» است؟

بلی☐ خیر☐

۹ـ حرف «ر» در کلمه‌ی «گاذان» خفیف (لاواز) است؟

بلی☐ خیر☐

۱۰ـ حروف مصوت کلمه‌ی «گوێلک» کدام عدد است؟

بلی☐ خیر☐

۱۱ـ کدام گزینه طرز صحیح نوشتن «مذمّت» با تلفظ و رسم‌الخط کُردی را نشان می‌دهد؟

مذەمت☐ مەذەممەت☐ مەزەممەت☐

١٢ـ حروف مصوت کلمەی «ئەوێندار» کدام گزینه است.

الف ــ ه . و . ن . ا ☐ ب ــ ه . ێ . ا ☐ ج ـ ئـ . ێ . ا ☐

١٣. کدام یک از عبارات زیر از نظر جدانویسی و سرهم‌نویسی صحیح نوشته شده است:

بارام لە کوڕەکانی تر زیرەکترە، بە دڵگەرمی، وانەکانی دەخوێنێ و لەگەڵ پیرۆت و ئازاد، هەموو ڕۆژێ دەچنە بازاڕی ئاسنگەرەکان و گورجوگۆڵ دەگەڕێنەوە.

بارام لە کوڕەکانیتر زیرەک ترە، بە دڵ گەرمی، وانەکانی دەخوێنێ و لەگەڵ پیرۆتو ئازاد، هەموو ڕۆژێ دەچنە بازاڕی ئاسن گەرەکان و گورج و گۆڵ دەگەڕێنەوە.

بارام لە کوڕەکانی تر زیرەکترە، بە دڵگەرمی، وانەکانی دەخوێنێ و لەگەڵ پیرۆت و ئازاد، هەموو ڕۆژێ دەچنە لازاڕی ئاسنگەرەکانو گورج و گۆڵ دەگەڕێنەوە.

در پاراگراف زیر نشانه‌های نگارشی را در داخل مربع‌ها قرار دهید.

وەک دەبینین نالی لە قەوارە شێعرێکی عەرووزی دا ☐ لە قەوارە شێعرێکی قافیەداردا ☐ کە هەموو دەزانین زۆر جار ڕەنگە شاعیر بکەوێتە ناو تەنگانە ☐ بە بۆنەی قافیەوە ☐ چەندە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و بە شێوەیەکی جوانی ناسانە باسی لە مەسەلەی چاو کردووە☐

چند نمونه املا

در پایان کتاب لازم دانستیم برای مهارت بیشتر علاقه‌مندان، چند نمونه املا تدوین نمایم. این املاها را مدرّسان در سر کلاس برای شاگردان دیکته می‌کنند و کسانی که شخصاً می‌خواهند به صورت خودآموز خواندن و نوشتن کُردی را به طور صحیح و علمی از روی کتاب حاضر یاد بگیرند، می‌توانند از شخص دیگری برای تمرین و مهارت کمک بگیرند، که این املاها را برای ایشان بخواند، سپس شخص علاقه‌مند، نوشته‌ی خود را با متن کتاب مطابقت و از روی آن اصلاح نماید.

دیکتە ١

کەلیمو ڵڵا تەوەحودی یەکێک لە پیاوە زانا و بلیمەتەکانی کوردی خوراسانە و چەند کتێبی زۆر بایەخداری وەک: کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان لە چوار بەرگدا و زۆر کتێب و لێکۆڵینەوەی دیکەی نووسیوە.

هەورامان دار گوێزی زۆر هەیە. گوێزی فەریک بە خوێوە زۆر خۆشە. بە تایبەت ئەگەر مرۆڤ بە دەستی خۆی گوێزەکە بشکێنێ و خوێی پێوەکا. وا باشە زۆری خوێ پێوەنەکرێ، چونکە شتی سوێر بۆ تەندروستی باش نییە.

کوێخا زۆراب خەڵکی سوێناسە. قەت درۆ ناکا و سوێند ناخوا. بۆخۆی کارەکانی دەکا و زۆر پاک و خاوێنە و زوو زوو سەری بە گوێزان دەتاشێ. بڕیاری داوە لەگەڵ کەس دوژمنایەتی نەکا و لە پەیمان و بەڵێنی خۆی پاشگەز نەبێ.

بریا هەموو کەس وەک ئەو ماڵ خۆش و روح سووک و بەخشندە بایە.

رزگار دوێنێ چوو بۆ ماڵی بریا، لە دێی خوێڕیاوا. ماڵی بریا سێ گوێلک و دوو گوێلپاریان هەیە. سۆیبە و ئارەزوو خوشکی بریان.

دیکته ۲

لوتفوڵڵا کوڕی عیززەتوڵڵا و نەوەی فەیزوڵڵایە. لە شاری مەهاباد قەسسابە و عوسمانی براشی بەززازە و عەبدولموسەوویری براشی بەققاڵە و سورەییای خوشکی مامۆستای قوتابخانەیە و موتەللیبی برای فیعلەن بێکارە و بە رۆژ دایمەن بە دووی کاردا دەگەڕێ. مەعموولەن بەیانان زوو لە خەو هەڵدەستێ و بەشیددەت خەمناک و پەرێشانە. بێکاری زۆر ناخۆشە و موسیبەتێکی گەورەیە. سێوێ خەڵکی ئاوایی سەرایە. سەرا دێیەکی زۆر خۆشە. بۆکانی بۆسەیران دەچن بۆدێی سەرداراباد. ئیدارەی کەشاوەرزیی بۆکان ئەو ساڵ کووتێکی زۆری لە دێیەکانی ناوچە بڵاوکردۆتەوە. ئیدارەی کەشاوەرزی ئیدارەیەکی بەکەڵکە. عەبدوڵڵای هەمزەیی لەو ئیدارە کار دەکا. قادر«ی» رەحمانیش هەر لەو ئیدارەیەیە.

دیکتەی ٣

عیسا و مووسا و مستەفا هەرسێکیان بران. عیسا لەو ئاواییەدا بەناوبانگە. دوێنێ مستەفا چووەماڵی کوبرای پووری و لێیمیوان بوو. ئەو کارە بووە هۆی خۆشحاڵی پووری. چێشتێکی خۆشی بۆ لێنا. کوتی لە کوێ بووی، دیار نەبووی؟ گوێم لێبگرە بابۆت بگێڕمەوە: چاوم زۆر دێشا، خەریک بوو کوێر بم. سەر و گوێلاکم ئەستوور ببوو. شتی سوێرم زۆر خواردبوو. سوێری خراپە نابێ زۆری بخۆی. بۆ خۆت چاک دەزانی دەڵێم چی؟ چ کەسێک وەک تۆ بۆ من دڵسۆزە؟ چم پێکوتی وابکە. زەرەر ناکەی ئینشائەڵلا. بە سورەییا بڵێ کووپەڵە ترشیاتەکەم بۆ بنێرێ کچێکی خوێنشیرینە، خوشکەزای خۆمە، زۆرم خۆشدەوێ. ئەویش هەروایە.